# ئیسلامی لەسەر حیسابی کورد لەئەنجومەنی بەڕێوەبردنی عێراقدا

شاخەوان شۆڕش

لەرۆژی یەکشەممەی ١٣ مانگدا بۆیەکەمجار ئەنجومەنی بەرێوەبردنی عێراق کە ٢٥ کەس دەگرێتەخۆی دیارکرا. لەم ئەنجومەنەدا ١٣ شیعە، ٥ سوننە، ٥ کورد، ١ ئاشوری و ١ تورکمان هەن. بەکورتی کورد یەک لەسەر پێنجی ئەنجومەنەکەن و نوێنەرانی عەرەب زۆربەیەکی دیاری ئەنجومەنەکەن، ئەمەش بەپێی رێژەی سەرژمێری زۆرینەی عەرەب لەعێراقدا دانراوە. وەک دەبینرێ لەم ئەنجومەنەدا خەڵکانێکی سەر بەبیروڕای جیاجیا کەتاڕادەیەکی دیار رەنگ لەشێوەی پێکهاتەی کۆمەڵگەی عێراقی دەداتەوە، دانراون. رەنگە نوێنەرانی عەرەب تاڕادەیەکی گونجاو رەنگ لە کۆمەڵگەی عەرەبی عێراقی بدەنەوە، دیارە رەخنەگران ئەم بۆچوونەیان نییە و پێیانوایە نوێنەرەکان زۆربەیان ئەوانەن کەلەدەرەوەی عێراق بوون و شارەزاییەکی ئەوتۆیان لەسەر ژیانی ناوخۆیی عێراقدا نییە. ئەمە بۆ ئەوان خۆیان لێدەگەڕێین. . .

ئەوەی پەیوەستدارە بەکورد ئەوا لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ دەکەونە بەرچاو، کورد پێنچ نوێنەری لەم ئەنجومەنەدا هەیە، دەکرێ چاوەڕوانبکرێ ئەم پێنچ نوێنەرە سەنگاییان وەکو یەک لەئەنجومەنەکەدا ببێت. دیارە مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی نوێنەرایەتی خەڵکێکی زۆری کوردستان دەکەن، بۆیە بوونیان لەم ئەنجومەنەدا زۆر لەجێگای خۆیدایە. خاڵێکی دیکەی پۆزەتیڤ دیارکردنی د. مەحمود عوسمانە لەئەنجومەنەکەدا، شایانی باسە د. مەحمود ئەزموونێکی زۆری لەخەباتی کوردایەتیدا هەیەو بەیەکێ لەشارەزاکانی پۆلیتیکی کوردی دادەنرێ و ئەمە جگەلەوەی خاوەنی پشتگیریەکی جەماوەری بەرفراوانی ناو هەندێ لەپارتە کوردیەکان و خەڵکە بێلایەنەکەیە. بۆیە بوونی د. مەحمود بەهێزکردنی گروپە کوردیەکەیە لەئەنجومەنەکەدا. ئەوەی دەکرێ پرسیاری بەرامبەر دابنرێ، دیارکردنی دوو کەسی سەر بەدوو هێڵی ئیسلامیە لەناو کوردەکاندا! سەلاحەدین بەهائەدین سەربە یەکگرتووی ئیسلامی، هەروەها دارا نورەدین داوەرەو ئیسلامیە[1] (نازانم دارا نورەدین لەئیسلامییە سیاسیەکانە یانا) . بوونی خەڵکی سەربە ئیسلامی سیاسی لەهەر ئەنجومەن و دەزگایەکدا، بوونی بیرکردنەوەو لێکدانەوەیەکی عەرەبی ئیسلامیانەی کۆنسێرڤەتیوانەیە، ئەمەش تەواو ناکۆکە لەگەڵ بیرکردنەوەو لێکدانەوە دیموکراسی و مۆدێرنەکان. لەئیسلامدا کێشەی نەتەوایەتی هێندەگرنگ نییە، بەڵکو چەسپاندنی سیستەمێکی ئیسلامی و پەیڕەوکردنی شەریعەتی ئیسلام بەرز رادەگیرێ. ئەوانە مێژووی عەرەب و ئیسلام بەپیرۆز دەزانن و لایان گرنگە کەوا کەلتوری ئیسلام کەکەلتوری عەرەبە لەناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بەهێزبکەن. ئەوانە زیاتر لەعەرەبە ئیسلامیەکان نزیکترن وەک لەکوردە دیموکراسیخوازەکان. بۆیە گومان لەوەدایە کە ئەوانە سوودیان بۆ کێشە نەتەوایەتیەکەی کورد ببێت، گەر زیانی پێنەگەیەنن. دروستبوونی ئەوانە بەئەگەری زۆر پێیداویستیە ناوخۆییەکان نەبووە، بەڵکو دروستکردنیان بەدەستی وڵاتانی ئیسلام سیستەم و داگیرکەرانبووە. دروستبوونیان بۆ خواست و مەبەستێک بووە کەفرێ بەسەر بەرژەوەندی کوردەوە نەبووەو نییە، بەڵکو بوونی ئەوانە واتە ئیسلامی سیاسی بەهەموو گروپەکانیانەوە، هەڕەشەیە لەئاسایش و بەرژەوەندی نەتەوایەتی کورد. نەتەوەی کورد کە کێشەکەی کێشەیەکی نەتەوایەتییە هیچ کاتێ پێویستی بە بنیاتنانی ئیسلامیزم بۆ بەهێزکردنی خەباتی ناسیونالیستانەی خۆی نەبووە. بەهۆی ئەوەی وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان هەموویان ئیسلامن، بۆیە ئایینی ئیسلام نەیتوانیووە ببێتە کۆڵەگەیەگی

[1] Kurdishmedia.com 14.07.2003: Iraqs Governing Council established.

www.kurdistannet.org

بەهێزی خەباتی نەتەوایەتی کورد، واتە نەتەوەی کورد ناتوانێ ئایین و ناسیونالیزم بەیەکەوەو لەیەک جەستەدا یەکخا وەک ئەوەی جولەکەکان یا عەرەبەکان بەدرێژایی مێژوویان سوودیان لێی وەرگرتووە. بەپێچەوانەوە ئاینی ئیسلام لەدژی هەر هەوڵێکی رزگاری کورد بەکارهاتووەو کورد بەلادەر و نائیسلام تاوانبارکراوەو خوێنیان حەڵاڵ کراوە. دیارە ئایین تەنها کاتێک دەتوانرێ سوودی لەخەباتی ناسیونالانەدا کاریگەرانە لێوەربگیرێ، گەرهاتوو نەتەوەی داگیرکەر سەربە ئایینێکی جیاواز بوو. نموونە، جولەکەکان و فەلەستینیەکان، بۆسنیەکان و سربیەکان هتد. . ئەوان واتە نەتەوەی سەردەست و ژێردەست توانیویانە سوود لەئایین وەرگرن و وەک فاکتەرێکی گرنگی ناسیونالیستانە لەخەباتیاندا بەکاریبێنن. بارودۆخی کورد وەکو ئەم نەتەوانە نییەو کورد خاوەنی ئایینێکی جیا لەئیسلام نییە، تابتوانێ لەم بوارەدا سوودی لێوەرگرێت. نەتەوەی کورد وەکو نەتەوەیەکی ژێردەستی لەمێژینە نەیتوانیووە رێچکەیەکی ناسیونالیستانە لەئایدیۆلۆژیایەکی کوردانەدا بۆخۆی دابڕێژێ، ئەمەش وایکردووە بیروباوەڕو ئایدۆلۆژیای نامۆ بەکێشەکەی ئەم بۆشاییە پڕبکەنەوە، ئەنجامەکەیشی هەستێکی ناسیونالیستانەی لاواز و کەسایەتیەکی ناسیونالانەی لاوازە. دیارە هەوڵ بۆ بەهێزکردنی کەسایەتی کورد کەمو زۆر لەئارادان، بەڵام بوونی ئیسلامیزم یا ئیسلامی سیاسی کۆسپێکی گەورەی بەردەمی ئەم رەوشەیە. چونکە بیری ناسیونالیستانەی کوردی ناتوانێ ئاشنای بیروباوەڕی ئیسلامی ببێ و لەچوارچێوەی رەوشەکەیدا شوێنی بۆ بکاتەوە. لەبەرئەوەی ئەم بیرو باوەڕە کەلتوور و ئایدۆلۆژیای نەتەوەی داگیرکەرە. بەڵگەو فاکتەرە مێژووییەکان گەواهی ئەم راستییە دەدەن. لەلایەکیتر ئایینی ئیسلام ئایینێکی گشتگیرەو هەوڵدەدات کۆمەڵ و تاکەکانی کۆمەڵ بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بیروراو ئاراستەی جیا لەخۆی بەنارەواو تابوو دادەنێ. بۆیە ئیسلامی سیاسی دژی چەسپاندنی چەمکەکانی ئازادی، یەکسانی، پلورالیزم، سێکوچکەیی دەسەڵات و بەهاکانیترن، کەکۆمەڵگەیەکی یا ستاتێکی دیموکراسی بنچینەی لەسەردەگرێت.

لەلایەکی دیکە لەبەرچی دەبێ دووکەس لەپێنج کەسی کورد سەربە پارتی ئیسلامی بن، لەکاتێکدا دەکرا بەلایەنی کەم کەسێکی سەربە پارتە کوردستانیەکانی دیکە دیار بکرابوایە. دیارە زۆرن ئەوانەی تەواوی تووکی سەریان لەرێگای کوردایەتیدا سپیکردووە، گومانیش لەکورد بوونیان و دڵسۆزیان بۆ کێشەکەیان ناکرێت. بەتاڵیی شوێنی کەسێکی ئاوا زۆر بەراشکاوی لەنێو گروپی کوردەکاندا دیارە.

لەئەنجومەنەکەدا سێ ژن هەن کە لەلایەک کەمینەن، لەلایەکیتر بەلێچەکەکانیانەوە دیارە ئازاد نین و ناتوانن ئازادانە بیربکەنەوە، جا ئەوانە چۆن دەتوانن نوێنەری راستەقینەی ژنان بن؟!

لەکۆتاییدا پێموایە، بوونی ئەو دووکەسە ئیسلامیە لەناو کوردەکاندا لاوازکردنی ستاتوسی کوردە لە ئەنجومەنەکەدا، هەروەها کاریگەری کەموزۆری ئەوانە لەهەر بڕیارو هەنگاوێکدا رەنگدانەوەیەکی ئیسلامیانە دەبێت، نەک کوردانە.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی حاوەنەکەیەت، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**